# زەنگی بێدار کردنەوە
# لە پەراوێزی بێئاگایی کازیوە ساڵحدا

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)



دوو ساڵێك دەبێت ئاشنام بە ناوی (کازیوە ساڵح) .نوسینەکانی ئەم بەڕێزەم لە سایتە کوردییەکاندا بینیوە و خوێندۆتەوە.ئەم خانمە هەوڵی داوە و دەدات لانی کەم چالاکیە فیکرییەکانی خۆی نەوەستێنێت و لە ڕێگای نوسینەوە درێژەیان پێبدات.

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر وەرگێڕانێکی ئەم بەڕێزە کە چیرۆکێکی (ئەنتوان چیخۆف) بوو بەناوی (دایەن) لە ماڵپەڕی ( دەنگەکان) لە ژمارە 291 دا بڵاو کرایەوە(1) و یەك دوو ڕۆژ دواتر بەڕێزێك (سەلام حەمە ڕەش) نوسینێکی کورتی بۆ کازیوە ساڵح نوسی و (2) و کازیوەش وەڵامی داوەیەوە(3) .

ئەوەی من لەم کورتە نوسینەمدا بەشوێنییەوەم دوو خاڵی بنەڕەتین لە وتارەکەی کازیوەدا.یەك مەسەلەی بێئاگایی ئەم بەڕێزەیە لە وەرگێڕانی کوردی چیرۆکەکە و بڵاوکردنەوەی و دووەم مەسەلەی دەستنیشانکردنی سەرچاوە.

یەکێك لە خاڵە نێگەتیڤەکانی دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و ژیان گوزەراندن لە تاراوگە بۆ نوسەر و ئەدیب بێئاگا بوونیەتی لە کەشوهەوای بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری .گەرچی بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا وهۆیەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری نێگەتیڤی ئەم دیاردەیە کەمبۆتەوە بەڵام کۆتایی نەهاتوە.بۆیە سەیر نیە کە کازیوە ساڵح ئاگای لە وەرگێڕانەکەی (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) نەبێت.من و کازیوە و ڕەنگە دەیانی تری وەکو ئێمەش ئەو کتێبەیان نەبینیبێ و نەخوێندبێتەوە.بۆیە وەرگێڕانی ئەم کارەی ئەنتوان چیخۆف جێگای دەستخۆشیە بۆ کەسانێك کە دەیانەوێت بە شێوازێك لە شێوازەکان وەری بگێڕنە سەر زمانی کوردی.

بەڵام ئەوەی جێگای ڕەخنەیە بێئاگایی کازیوە ساڵحە لەو وەرگێڕانەی من کە هەر مانگێك بەر لە ئێستا لە سایتی (دەنگەکان) دا(4) و دواتریش لە سایتی (کلاوڕۆژنە) دا بڵاوکرایەوە.(5) ئەگەر کازیوە ساڵح خوێنەرێکی جیددی سایتی (دەنگەکان)یش نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە خوێنەرێکی جیددی سایتی(کلاوڕۆژنە) یە .ئەو سایتەی کە بەڕێز (ساقی بارزانی) هاوسەری کازیوە خان بەڕێوەی دەبات و ڕۆژانە (up date ) دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە.

کازیوە خان ئەگەر ئاگای لە وەرگێڕانەکەی کوردستان نەبووە ،خۆ دەبوو ئەگەر لە پەراوێزیش بوایە هێمای بۆ ئەرك ڕەنج و شەونخونی من بکردایە .خۆ ئەگەر بە فیعلیش ئاگای لەوەی منیش نەبوە ئەوا ئەم بێئاگاییە دەلیلی بێئاگا بوونێکی قووڵ دەگەیێنێت لە دەوروبەر و ئەتمۆسفیری ڕۆشنبیری!

مەسەلەی دیاریکردنی سەرچاوە یەکێکە لە ڕوکنە بنچینەییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری وشێوازێکی ئەکادیمیانەی چەسپیوە کەئەمڕۆ لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤار و تەنانەت میدیایەکیش هیچ نوسینێك بەبێ دەستنیشانکردنی سەرچاوە بڵاو ناکرێتەوە و ئامادەکار یان وەرگێڕ بەرپرسیار دەبێت لە سەرچاوەی زانیارییەکان . ئەم نەریتە لە ڕاگەیاندنەکانی خۆرئاوا لە ڕووی

یاسایی و مۆراڵییەوە جێکەوتوە و وتاری بێ سەرچاوە بڵاو ناکرێتەوە. کازیوە خان خۆی چەند ساڵێکە لە ئەمریکای باکور دەژێت و دەیتوانی چاوێك بخشێنێت بە بنەما و پرەنسیپەکانی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنوسانی کەنەدی و خۆی بارگاوی بکردایە بەو پرەنسیپە گشتییانەی کاری ڕۆژنامەگەری کەیەکێکیان مەسەلەی سەرچاوەیە.(6).بەبڕوای من ئەم ڕەخنەیە هەر خاتوو کازیوە ناگرێتەوە،بەڵکو ئەو سەرنوسەر و بەڕێوەبەری سایتانەش دەگرێتەوە کە خەبەریکیان لە هێڵە گشتییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری نیە.

ئەم شێوە بەرخوردانە بەکاری ڕۆژنامەگەری و شێوازی نوسینی ئەکادیمی ،لە لایەکەوە زیان بە هەوڵەکانی نوسەر دەدات و لەلایەکی تریشەوە هەژاری ئەو نوسەرە دەردەخات لە بواری نوسیندا. من ئەم قسەیەم هەر بەتەنها ڕوو بە کازیوە ساڵح نیە، بەڵکو ڕوو بەهەموو ئەو کەسانەیە کە پەیڕەوی ئەم ڕێڕەوە چەوتە لە بواری نوسیندا دەکەن.

17ی نۆڤەمبەری2005

ڤانکۆڤەر – کەنەدا

پەراوێز

(1) بڕوانە کورتە چیرۆکی(دایەن) نوسینی (ئەنتوان چیخۆف) وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە کازیوە ساڵح/ دەنگەکان ژمارە 291 نۆڤەمبەری 13 ی 2005 (ئەرشیف)

(2) سەلامی حەمەڕەش – دایەن لە نێوان کازیوە ساڵح و ئەوڕەحمانی حاجی مارف / کوردستان پۆست 15 نۆڤەمبەری 2005 (ئەرشیف)

(3) کازیوە ساڵح – بەسەلامی حەمەڕەش بوو گوناهی من نیە ئینگلیزی نازانیت،تۆمەت بۆ کەس هەڵمەبەستە /کوردستان پۆست 15 نۆڤەمبەری 2005

(4) (گێلێك) نوسینی ( ئەنتوان چیخۆف) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) / دەنگەکان ژمارە 264 15ئۆکتۆبەری 2005

(5) گێلێك) نوسینی ( ئەنتوان چیخۆف) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) / کلاوڕۆژنە 19 ئۆکتۆبەری 2005

(6) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پرەنسیپ و بنەما گشتییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری لە کەنەدا تکایە بڕوانە http:/www.caj.ca/principles/principles-statement-2002.htm